# هۆکاری شکستی یانەی هەولێر

* * *

**تیپی تۆپی پێی یانەی هەولێر ماوەی سێ ساڵە بەشداری لە یارییەکانی جامی ئاسیا دەکات، لە هەرسێ جاریشدا بەشداری لە قۆناغەکانی شانزە و هەشت وچوارگۆشەی زێڕین دوورخراوەتەوە، ئەمساڵیش سەرەڕای ئەوەی توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات، چەند قۆناغێکی بەهێزی بڕی، بەڵام بە چەند هەڵەیەکی تاکی تیپەکە لە یاری فیناڵ بێبەش کرا، لەم بارەشەوە بۆهۆکارەکانی شکستی یانەی هەولێر لە نەگەیشتنیان بەفیناڵی یاری کۆتایی چەند بۆچوونێکی جیاجیامان وەرگرتووە و ئەم ڕاپۆرتەمان ئەنجامدا.**

* * *

**غازی حوسێن ناوبژیوانی پێشووی یانەی شاری هەولێر لەم بارەیەوە بۆ گوڵان گوتی** «هەر چەندە یانەی هەولێر نەگەیشتە یاری کۆتایی، بەڵام بە بۆچوونی من دەستکەوتی بەدەستهێناوە لەگەیشتنی بە یارییەکانی چوارگۆشەی زێڕین، ئەوەش شتێکی کەم نییە ئەگەر ئێمە بە وردی سەیری بکەین، یانەی هەولێر بە یانەیەکی بەهێزی ئاسیا ناسراوە ئێمە شتی وامان بە خەیاڵ نەهاتووە لەم بڕوایەش نەبووینە یانەی هەولێر بگاتە ئەو ئاستە، شکستی یانەکەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە کەمتەرخەمی هەبوو لەلایەن ڕاهێنەری گۆڵچییەکان و گۆلچی یانەی هەولێر محەمەد گاسد بەخۆی لە هەردوو یاری ئاستی وەکو پێویست نەبوو هۆکاری شکستی یانەی هەولێر بووە، بۆچی هەمان گۆڵچی لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق باشترین ئاست پێشکەش دەکات، لەگەڵ یانەی هەولێریش ئاستی پێویست نییە ئەوەش جێگای گومانە ئەو گیانە توندوتیژییەی نەبوو کە جێگای خۆشی بێت بۆ هاندەرانی یانەی هەولێر، دەبێت یانەی هەولێر لەمەو بەدواوە گۆڕانکاری بکات لە یانەکەی گوتیشی ڕاهێنەری یانەی هەولێر هۆکاری شکستی یانەی هەولێرنەبووە .

**سەلام حوسێن سکرتێری یەکێتی تۆپی پێی کوردستان لەم بارەیەوە بۆ گوڵان گوتی** «شکست بە مانای شکست نەبوو، گەیشتنی یانەکە بە چوارگۆشەی زێڕین لە جامی یانەکانی ئاسیا ئەوە خۆی دەستکەوتێکی یەکجار مەزن وگەورەیە، بەڵام یانەی هەولێر دەیتوانی بچێتە یاری کۆتایی و مێژوویییەکی زێڕین بۆخۆی و بۆ کوردستان تۆمار بکات، نەك بۆکوردستان تەنانەت بۆهەمووکوردستانییەکان، بەڵام هۆکاری بێبەش بوونی لە یاری کۆتایی دەگەڕێتەوە بۆ محەمەد گاسدی گۆڵچی کە هەر پێنج گۆڵ لە هەردوو یاری لێ تۆماکرا ئەو هۆکاربوو، هۆکاری گرنگ تریش دەگەڕێتەوە بۆعیمادهاشمی ڕاهێنەری گۆڵچییەکانی یانەی هەولێر، یانەی هەولێر گۆڵچی باشی هەیە سەرهەنگ موحسین لە یاری کۆتایی خولی بژاردەی عێراقی ئەستێرەی یارییەکە بوو ئاستێکی بەرزی هەبوو، ئینتما و خۆشەویستی ئەو یاریزانانە بۆهەولێر وکوردستان نییە و تەنیا هاتوونە پارەکە وەرگرن وکاتەکەش بەسەر بەرن، بۆیە لەسەر دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێر ستراتیجیەت و هەموو بەرنامەکانی خۆی بگۆڕێ ئەگەر بمانەوێ ئەنجامی جیهانی بەدەست بهێنین پشت بە ڕاهێنەرێکی بیانی ببەستین، بەتایبەتی ڕاهێنەرانی بۆسنی وکرواتی ورۆمانی و ولاتانی روسیای پێشوو، ئەگەر بمانەوێ یاریزانیش بهێنین یاریزانانی دەرەوەی عێراق بهێنین باشترە لە یاریزانی عێراق یاریزانانی عێراقی خۆشەویستی ودڵسۆزیان بۆیانەی هەولێر وکوردستان نییە.

**یێجان ئیبراهیم ئەندامی دەستەی کارگێڕی و سەرپەرشتیاری تۆپی پێی یانەی هەولێرلەم بارەیەوە بۆگوڵان گوتی** «ئێمە ئەو ئەنجامە بەشکستی دانانێین، چونکە سێ جار بەشداری جامی ئاسیامان کردوە هەر جارێك بە شێوازێك هاتووینەتە پێش ئەمساڵیش گەیشتووینەتە قۆناغی پێش کۆتایی، لە رووی ئەنجامەوە ساڵ بەساڵ ئاستمان باشتر بووە، من نەك وەکو ئەندامی دەستەی کارگێڕی بەڵکو وەکو وەرزشوانێکی ئەو شارە پێمخۆش بوو تیپەکەمان بگاتە یاری کۆتایی جامی ئاسیا،بەڵام وەرزش لای هەموو کەس ئاشکرایە دۆڕاندن و بردنەوەیە ئێمە یارییەکەمان لەهەولێر دۆڕاند نەك لەوڵاتی کوێت، هۆکاری سەرەکی شکستی یانەکەشەمان بەپلەی یەك گۆڵچی یانەکە محەمەد گاسد بووە، هەوڵیش دەدەین بۆساڵی داهاتوو ئەنجامێکی شایستەتر پێشکەش بکەین.

**ئەرسەلان عەبدوڵڵای ڕۆژنامەنووس لەم بارەیەوە بۆگوڵان گوتی** «پێش هەموو شت سەرەڕای دۆڕانی یانەکە لەو قۆناغە هەستیارە و لە دەستدانی هەلێکی زێڕین بۆ گەیشتن بە یاریی کۆتایی، من گەیشتنی یانەکە بە قۆناغی پێشکۆتایی بە دەستکەوتێکی گرنگ دەزانم و با ئەوە لە بیر نەکەین، ئەو تیپەی ئێمە رەخنەی لێ دەگرین، هەر ئەو تیپەیە کە گەیشتۆتە قۆناغێکی گرنگ.

بە بڕوای من، هەموو لایەك، لە یاریزانان، راهێنەر، ئیدارە و جەماوەریش بەرپرسن لە شکستەکە، بەڵام هۆکارە سەرەکییەکانی شکستەکە لەو دوو یارییەی قۆناغی پێش کۆتایی بەرانبەر یانەی کوێت، بە پلەی یەکەم بۆ گۆڵچی محەمەد گاسد و هێڵی بەرگریی تیپەکە دەگەڕێتەوە، بە تایبەتیش یاریزان ئەوس ئیبراهیم کە هزری پیشەگەرانەی لە یاریکردندا نەبوو، زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵ رووداوەکانی یارییەکە نەکرد و یانەی هەولێری خستە بارێکی زەحمەت و چاوەڕێنەکراو.

هەروەها پێم وایە راهێنەریش بەشێکی سەرەکی شکستی یانەکەیە، چونکە ئەو تیپە لە سەرەتای خولەکەوە هەندێ کەموکوڕی هەبوو، بە تایبەتی لە بەرگریدا، هەروەها لە پلانی یاریکردن و بەیەکەوە بەستانی هێڵەکانی تیپەکەی و لە خاوی ریتمی یاریکردن، بەڵام ئۆدیشۆ پێی چارە نەکرا.

پاشان لە یاریی یەکەمی کوێتدا هەست دەکرا یانەی هەولێر زۆر زیاد لە پێویست بڕوای بە خۆی هەیە بۆ بردنەوە، بە هۆی ئەوەی چەند یاریزانێکی کوێت یارییان نەدەکرد بە هۆی سزا و پێکانەوە، ئەمەش هەڵەی راهێنەر و ستافی مەشقە، کە بە شێوەیەکی کاریگەری هۆشداریی یاریزانەکانی نەکردووە کە زیاد لە پێویست بڕوایان بەخۆیان نەبێ، چونکە ئەو جۆرە تێڕوانین و بیرکردنەوە لە تۆپی پێدا ترسناکە.



## پاڵەوانی ماراسۆنی نێودەوڵەتی سەفین رەسوڵ مەلا:

# میدالیای زێڕم لە ئەستەنبۆڵ وەرگرت

**سەفین یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی شاری هەولێرو خاوەن چەندین ئەنجامی بەرچاوە لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق، ناوبراو لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٤ی شاری رانیەیە، ماوەی زیاتر لە ١٥ساڵە لە ناحیەی پیرمامی سەر بە پارێزگای هەولێر دەژی، لەم دواییەشدا لە پاڵەوانێتی ماراسۆنی نێودەوڵەتی ئەستەنبۆڵ بە ناوی کوردستان بەشداری کرد و توانی لەنێو ١٣٠هەزار وەرزشوان پلەی یەکەم و مەدالیای زێڕ بەدەست بهێنێ، لە ڕاکردنی ٥کم دا ئێمەش ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**

دیمانە:گارزان کانەبی

*** لە کوردســـتان ئاستی یارییە تاکەکان، چۆن دەبینی ؟**

-وەکو یارییە تاکەکان ئاســتیان یەکجار بەرزە، چەندین یاریزانی بەتوانامان هەیە، هەڵبژاردەی عێراقیــش تــەواوی یاریزانەکانــی لە کورد پێکهاتووە، بربڕەی پشــتی ئەو هەڵبژاردەیەش هەمـــووی هـــەر یاریزانانی کــوردە. زیاتر لە ٢٠٠یاریزانی کورد خاوەنی مەدالیان لەئاستی کوردستان وئاسیاوعەرەب .

***ئێستا بۆهیچ یانەیەك یاری ناکەی؟**

- نەخێرلــە هیــچ یانەیەك یــاری ناکەم، لە هەولێر بۆهەریانەیەك بێت من ئامادەم خزمەتیان بکەم.

*** لەنێــو ١٣٠هەزار کەســدا لە ماراســۆنی نێودەوڵەتــی ئەســتەنبوڵ پلــەی یەکەمــت بەدەستهێنا ئەمە چۆن بوو؟**

-ئــەم پاڵەوانێتەیە ســاڵانەیە، خەڵکێکی زۆر بەشداری تێدادەکەن، لەئەستەنبۆل ماراسۆنەکە لە ٢کم تاکو٤٢کم دەبێت، منیش وەکو کوڕێکی کوردســـتان، بەناوی کوردســـتان بەشداری ئەم پاڵەوانێتییــەم کــردو توانیم پلــەی یەکەم لە ڕاکردنی ٥کم بەدەســت بهێنم لەنێو ٢٥٠وڵات و١٣٠هەزار بەشداربوو.

***بیستومانە لەم پاڵەوانێتەیەدا لەسەر حیسابی خۆت بەشداربووی؟**

-بەڵێ هەموو مەســروفاتم لەســەر خۆم بوو، خۆئامادەکردنیشــم هەر لەســەر خۆم بوو، ئەو شــتانەش من خاو ناکاتەوە چەند پارە ســەرف کــەم لام ئاســاییە، ئاســتم بەرەوە پێش بچێت، بەڵام بەمشێوەیە دەتوانم هەتا ٣ســاڵی تر بەردەوام بم ئەگەر هاوکاری نەکرێم ئاســتم وەکو خۆی لێ دێتەوە.

***بۆچی لێژنەی ئۆلۆمپی کوردستان و وەزارەتی رۆشنبیری ولاوان هاوکاریان نەکردی؟**

-وابزانم هەر ئاگاداریش نینە کەمن بەشــداری ئــەو پاڵەوانێتییەم کــردووە، زۆر یاریزان هەبووە بەشداری پاڵەوانێتی کردووە وەزارەتی رۆشنبیری ولاوان هەر ئاوڕیشی لێ نەداوەتەوە، منیش هەر بۆئەوە داوای پشــتگیریم لە لێژنەی ئۆلۆمپی کوردســـتان و وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان نەکرد گوتم بۆچی قسەی خۆم بە خەسار بدەم، داواشم بکردایە لەوانە بوو ئاوڕێیان لێ نەدابامایەوە.

***دەڵێن چەند یانەیەکی شاری بەغدا داوایان لێ کردووی یارییان بۆبکەی ئەمە راستە؟**

-بەڵــێ چەند یانەیــەك داوایان لــێ کردوومە بۆپاڵەوانێتییەکی نێودەوڵەتی لەگەڵیاندا بەشدار بم، بەڵام هەتا یانەیەکی کوردی هەبێت ئامادەنیم بچم بۆیانەیەکی شاری بەغدا یاری بکەم.

***بڕیاری وازهێنانت دابوو لەهەڵبژاردەی عێراق پاشگەز نابیتەوە؟**

-وەکو خۆم بڕیاری سەدلە ســەدم نەداوە، بەڵام بڕیارم داوە ئەگــەر هەڵبژاردەی عێراق قەدرمان نەگــرێ ئێمەش قــەدری هەڵبــژاردەی عێراق ناگرین ئاڵای عێراقی بــەرز ناکەینەوە، ئەگەر داواشــم لــێ بکەن منیش ئامادەم یارییان بۆ بکەم.

***چ داواکارییەکت هەیە لە بەرپرسەکان ؟**

-ئەوە شــتێکی تەقلیدییە هەموو جارێ باس دەکەین، بەڵام دەڵێم پێویســـتە زیاتر پشتگیری یارییــە تاکــەکان بکەن، نەك هــەر گرنگی بەتۆپی پێ بدەن، ئەوەی بەو پارەیەی یاریزانانە کە بۆیەکســاڵ دەیدەن سەدانی وەکو منی پێ دروست دەکرێت لە یارییەکەی خۆمان.

***بیســـتوومانە لە پیرمام بەنیــازی تیپێکی ماراسۆن دروست بکەی؟**

-بەڵێ ئــەوە لەبەرنامەمدایە، ئەگەر هاوکاری بکرێین کۆمەڵێك منداڵ بهێنم مەشــقیان پێ بکــەم بتوانم وەکــو یاریزانێــك ئەوانە لەخۆم کۆبکەمەوە.

***بۆ گەیشـــتن بەم ئامانجــەت چ گرفتێکت هەیە؟**

-تەنیــا پشــتگیری کردنــم دەوێــت، من لە پاڵەوانێتی ئەستەنبۆل ٢ملوانکەم هێنایەوە ،کە هاتمەوە پێشوازیەکی گەرمیان لێ کردم، بەڵام یەك بەرپرسی وەرزشی تێدا نەبوو.

***ئەگەر شتێکت ماوە؟**

من شــانازی دەکەم کە وەکو پێشـــمەرگەیەك خزمەتی کوردستان دەکەم بە وەرزشەکەم، بەڵام سەنگەری من لە وەرزش دایە سوپاسی ئێوەش دەکەم.



## مۆرینهۆ.. کاسیاس سزا دەدات!!!

خۆزی مۆرینهۆ ڕاهێنەری یانەی ریال مەدرید بڕیاری سزادانی کاپتن ئیکەر کاسیاسی دا بە هۆی دواکەوتنی لە مەشقەکانی یانەی شاهانە، ڕۆژنامەکانی شاری مەدرید رایانگەیاند گۆڵچی و کاپتنی یانەی ریال مەدرید ئیکەر کاسیاس بۆ چەند خولەکێك لە مەشقەکانی یانەکەی دواکەوت بە هۆی قەرەباڵغی شەقامەکانی شاری مەدرید کە بەهۆی باران بارینەوە تووشی شڵەژان ببوو، مۆرینهۆ لە پێشوازی کاسیاس بوو لە کاتی گەیشتنی بۆ یاریگای مەشقەکان، کاسیاس هۆکارەکانی دواکەوتنی بۆ ڕاهێنەرەکەی شیکردەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەردوو ڕۆژنامەی مارکا و ئاسی مەدریدی دووپاتیان کردەوە مۆرینهۆ بڕیاری سزادانی کاسیاسی دا بە سزایەکی دارایی، کاسیاس بە سنگێکی فرەوان سزایەکەی قبوڵ کرد و لە ماڵپەڕی خۆی لە تویتەر دڵتەنگی خۆی بۆ ئەم ڕووداوە دەربڕی و داوای لێبوردنی کرد.



## ڤاراس نهێنی گەڕاندنەوەی پەناڵتییەکەی میسی ئاشکرا کرد

خافی ڤاراس گۆڵچی یانەی سیڤیلیا نهێنی چۆنییەتی گەڕاندنەوەی لێدانە سزاکەی یاریزان لیونێل میسی ئاشکرا کرد لە یاری نێوان هەردوو یانەی سیڤیلیا و بەرشلۆنە لە هەفتەی نۆیەمی خولی لالیگای ئیسپانیا، لە خولەکی ٩٥ ی یارییەکە میسی لێدانی سزانی لەدەست دا و هەردوو یانە بە بێ گۆڵ یەکسان بوون، ڤاراس لە دوای یارییەکە گوتی: من دەمزانی میسی چۆن لێدانەکە جێبەجێ دەکات چونکە لە پێش یارییەکە من بە وردی سەیری لێدانە سزاکانی میسیم کردبوو، بۆیە بە باشی ئامادە بووم بۆ گەڕاندنەوەی لێدانەکە و سەرکەوتوو بووم.

میسی ئەوە شەشەمین لێدانی سزایە کە لە دەستی دەدات لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە لەوەتەی یاری بۆ ئەم یانەیە دەکات، کەچی ئەوە یەکەم لێدانی سزایە کە بۆ یانەی بەرشلۆنە دەژمێردرێت لەم وەرزەدا.




## کریستیانۆ لە دی ستیڤانۆ و بۆشکاش نزیک دەبێتەوە

ڕۆژنامەی ئاسی ئیسپانی ڕاپۆرتێکی تایبەت بە یاریزان کریستیانۆ رۆنالدۆ بڵاوکردەوە دوای ئەوەی هاتریکی بەرامبەر یانەی مالاگە تۆمار کرد لەو یارییەی کە بەسەرکەوتنی یانەی ریال مەدرید کۆتایی هات بە ئەنجامی (٤-٠) گۆڵ لە خولی یانەکانی ئیسپانیا، لە راپۆرتەکەدا جەخت لە سەر ژمارەی هاتریکەکانی رۆنالدۆ کرایەوە کە تا ئێستا ١١ هاتریکی لە گەڵ یانەی شاهانە تۆمارکردووە لە ماوەی دوو وەرز و نیودا، ڕۆژنامەکە بەراوردێکی نێوان هاتریکەکانی هەردوو یاریزان میسی و کریستیانۆ ئەنجامدا و روونیکردەوە میسی لە ماوە ٧ وەرز لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە تەنها ١٢ هاتریکی تۆمار کردووە بەرامبەر بە ١١ هاتریك بۆ کریستیانۆ لە ماوەی کەمتر لە سێ وەرزدا.

راپۆرتەکە ئاماژەی بە وەش کرد کە کریستیانۆ نزیك دەبێتەوە لە ژمارەی پێوانەیی هاتریکەکانی هەردوو یاریزانی پێشووی یانەی ریال مەدرید ئەلفریدۆ دی ستیڤانۆ خاوەن ٢٧ هاتریك و بۆشکاش خاوەن ١٧ هاتریك لە مێژووی یانەی شاهانەدا.




## ئینتەر میلان داوای هازارد دەکات

یانەی ئینتەرمیلانی ئیتالی هاتە نێو پێشبڕکێی ئەو یانانەی کە هەوڵدەدەن بۆند لەگەڵ یاریزانی بەلژیکی ئەدین هازارد ئەستێرەی هێلی ناوەڕاستی یانەی لیلی فەرنسی مۆر بکەن، لەمبارەیەوە یاریزان خافییر زانیتی کاپتنی یانەی ئینتەر بە ڕۆژنامەی میرۆری ئینگلیزی راگەیاند و گوتی: هازارد یاریزانێکی لێهاتووە، من سەرسامی شێوازی یاریکردنی ئەو یاریزانەم، بەم دواییە زانیاریم پێگەیشتووە کە دەستەی کارگێری چاودێری دەکات و هەوڵ دەدات بۆندی لەگەڵ مۆر بکات، هاتنی بۆ یانەکەمان بەهێزترمان دەکات.

یاریزان هازارد تەمەنی ٢٠ ساڵ لە وەرزی رابردوو ئاستێکی بەرزی لەگەڵ یانەکەی پێشکەش کرد و سەرنجی یانە گەورەکانی بۆ خۆی راکێشا بە تایبەتی یانەکانی مانچستەر سیتی و لیڤەرپول و ئەرسنال و ریال مەدرید کە هەوڵی کڕینی هازاردیان داوە، هازارد لە ١١٩ یاری لەگەڵ یانەی لیل ٢٠ گۆڵی تۆمارکردووە و ٢٤ یاری بە هەڵبژاردەی بەلژیکا ئەنجامداوە و یەك گۆڵی تۆمارکردووە.





## گیگز و بێکهام بۆ هەڵبژاردەی ئۆلۆمپی بەریتانیا

ڕۆژنامەی دەیلی میرەری بەریتانی ڕایگەیاند ڕاهێنەر ستیوارت پێرس ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئۆلۆمپی بەریتانیا بە نیازە هەردوو یاریزانی بەناوبانگ رایان گیگز و دێڤید بێکهام بانگهێشت بکات بۆ ریزەکانی هەڵبژاردەی ئۆلۆمپی بەریتانیا کە بە تیپێکی یەکگرتوو بەشداری لە یارییەکانی تۆپی پێی ئۆلۆمپیادی لەندەنی ٢٠١٢ دەکات، بەشێکی زۆری هاندەرانی تۆپی پێی بەریتانیا داوا دەکەن کە ئەفسانەکانی تۆپی پێی بەریتانی بەشداری لە ئۆلۆمپیاد بکەن و هەردوو یاریزان گیگز و بێکهام دوو ئەستێرەی بەناوبانگی بەریتانیان لە یاری تۆپی پێدا و بەشداریکردنیان لە ئۆلۆمپیاد داوایەکی جەماوەرییە.

بە پێی راپۆرتەکان هەڵبژاردەی ئۆلۆمپی بەریتانیا هەوڵ دەدات بە بەهێزترین پێکهاتە بەشداری لە یارییەکانی تۆپی پێی ئۆلۆمپیادی لەندەن بکات بە هیوای بەدەستهێنانی میدالیای زێڕ کە لەدوو ئۆلۆمپیادی رابردوو هەڵبژاردەی ئەرژەنتین نازناوەکەی بەدەست هێناوە.

## شنایدەر.
## هیچ راهێنەرێک وەک مۆرینهۆ نییە



یاریزانی هێلی ناوەڕاستی یانەی ئینتەرمیلان و هەڵبژاردەی هۆڵەندا ویسلی شنایدەر رایگەیاند هیچ راهێنەرێك لە جیهان نییە لە توانای راهێنەری پورتوگالی خۆزی مۆرینهۆ بێت، شنایدەر کە لە ژێر سەرپەرشتی مۆرینهۆ لە یانەی ئینتەرمیلان یاری کردووە لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی لاگازێتا دیللۆ سپۆرتی ئیتالی گوتی: من دەزانم ئەوەی دەیڵێم بێ سوودە، بەڵام ئێمە لە گەڵ هەر راهێنەرێکی دیکە لە دوای سیفەتێکی مۆرینهۆ دەگەڕێین، بەڵام هیچ راهێنەرێك وەك مۆرینهۆ لە جیهان نییە.

هەروەها شنایدەر گوتی : هیچ راهێنەرێك نییە وەك مۆرینهۆ مامەڵە لەگەڵ یاریزانان بکات و کاتێك راهێنەرێکی دیکە دێت لە شوێنی مۆرینهۆ ئەرکێکی زۆر قورسی لەسەر شان دەبێت، هەر ئەوەش بوو ئەرکی راهێنەر بینیتیزی زەحمەت کرد.

شایانی باسە راهێنەر بینیتیز لە شوێنی مۆرینهۆ بووە راهێنەری یانەی ئینتەرمیلان، بەڵام ئاستی یانەی ئینتەر هاتە خوارەوە و نەیتوانی دەسکەوتەکانی مۆرینهۆ دووبارە بکاتەوە و لە کۆتاییدا لە ئەرکەکەی دوورخرایەوە.

## بیکنباوەر.. بایرەن بۆندی رۆبن تازە دەکاتەوە

ئەفسانەی تۆپی پێی ئەڵمانی فرانز بیکنباوەر سەرۆکی شانازی یانەی بایرەن میونیخ ستایشی ئاستی یاریزانی هۆڵەندی ئاریان رۆبنی کرد و دووپاتیکردەوە لە دوای چاکبوونەوەی لە پێکانەکەی یانەی بایرەن میونیخ بۆندی ئەم یاریزانە تازە دەکاتەوە، بیکنباوەر بە رۆژنامەی تی زێدی ئەڵمانی راگەیاند و گوتی: تازەکردنەوەی بۆندی رۆبن لە دوای گەڕانەوەی دەبێت لە پێکانەوە، ئێمە نازانین کەی دەگەڕێتەوە بۆ یاریگاکان، لەسەرەتای وەرزەوە تووشی پێکان هاتووە و نەشتەرگەری بۆ ئەنجام دراوە، چاوەڕێی گەڕانەوەی دەکەین و دواتر بڕیاری کۆتایی دەدەین.

بیکنباوەر سوور بوو لە سەر بۆچوونەکەی خۆی و گوتی: کاتێك رۆبن ئامادە دەبێت باشترین یاریزانی جیهانە لە شوێنەکەی خۆیدا، کاتێك لە پێکانەکەی چاکدەبێتەوە بۆندەکەی تازە دەکەینەوە، یانەی بایرەن ئێستا ئاستێکی باش پێشکەش دەکات بە بێ رۆبن ئەوەش مایەی خۆشحاڵییە، بێگومان بە بوونی رۆبن یانەی بایرەن زۆر بەهێزتر دەبێت.



ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال

# ٣ کورد بەشداری پاڵەوانێتی جیهان بۆ لەش جوانی لە هیندستان دەکەن



بڕیارە لـــە ٣ مانگی داهاتوو پاڵەوانێتی جیهان بۆ لەش جوانی لە وڵاتی هیندستان بەرێوە بچێت، لەســـەر ئاستی کوڕان بۆ پێشکەوتووان، لەم پاڵەوانێتییە هەڵبژاردەی عێراق بەشداری تێدا دەکات.

یەکێتی لەش جوانی عێراق بڕیاریداوە لەم پاڵەوانێتییە بە سێ یاریزان بەشداری بکات و هەر ســێ یاریزانیش کوردن و سەرۆك شاندی هەڵبژاردەکەش هەر کوردە.

شـــاندی هەڵبـــژاردەی عێـــراق بۆ ئەم پاڵەوانێتییـــە پێکهاتـــووە لـــە یاریزانان نەجمەدین عەبدوڵڵا لە کێشی (٦٥)کگم و سەردار ئیسماعیل لە کێشی (٨٥)کگم و نزار ئەحمەد لە کێشـــی (٨٥) کگم و بورهان عەلی جومعە جێگری ســـەرۆکی یەکێتی لەش جوانی عێراق و ســـەرۆکی یەکێتی لەش جوانی کوردســـتان سەرۆك شاندەکەیە.

لـــەم پاڵەوانێتییـــە چاودێران وەرزشـــی چاوەڕوانـــی ئەنجامێکـــی بـــاش لـــە یاریزانانی کوردســـتان دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن دەستکەوتێکی مەزن بۆ کوردستان بە دەستبهێنن.

جێگەی باسە پاڵەوانێتی جیهان بۆ لەش جوانی لە شاری بومبای هیندستان بەرێوە دەچێت و ماوەی چوار رۆژ دەخایێنێت.



# دوو ناوبژیوانی کورد بڕوانامەی نێودەوڵەتییان لە یاری تۆپی بالە وەرگرت

هەفتـــەی رابردوو لە وڵاتـــی رۆمانیا خولێکی پالاوتن بـــۆ دەستنیشـــان کردنـــی ناوبژیوانی نێودەوڵەتـــی لە یاری تۆپی بالە بەڕێوەچوو، لەم خولە یەکێتی تۆپی باڵەی عێراق بە دوو ناوبژیوان بەشداری تیایدا کردبوو و هەردوو ناوبژیوان کورد بوون.

هەریەکە لە ناوبژیوانان موسا سالم و هیشام بەکر بەشـــدارییان لە خولێکی ناوبژیوانی نێودەوڵەتی کـــرد، کە لە وڵاتی رۆمانیا بەڕێوەچوو و ماوەی ١٢ رۆژی خایاند. لەم خولەدا هەردوو ناوبژیوانی کورد توانیان بە پلەی بەرز ســـەرکەوتن بەدەست بێنن و بەفەرمـــی ببنە ناوبژیوانی نێودەوڵەتی و لە ماوەی داهاتوو دەتوانن یارییە نێودەوڵەتییەکان لە پاڵەوانێتیەکانی عەرەبی و ئاسیایی و جیهانی بەڕێوە ببـــەن و هەروەها بەفەرمی دەتوانن خولی ناوبژیوانی بۆ ناوبژیوانانی عێراق بۆ تۆپی بالە بکەنەوە.

جێگەی باســـە هیشام بەکر لە دایکبووی شاری هەولێر و دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی زانکۆی ســـەلاحەدینە و لە پەیمانگای وەرزشی هەولێـــر مامۆســـتایە و یەکێکە لـــە ناوبژیوانە باشەکانی کوردستان و عێراق.

# تیپی پایسکـلسـواری هـەولـێر بەش

یەکێتی پایسکلســـواری عێراق بە فەرمی هـــەردوو یانـــەی هەولێر و دەغـــارە وەکو نوێنەری لـــە پاڵەواینێتی یانەکانی عەرەب بۆ پایسکلســـواری دەستنیشان کرد، کە لە وڵاتی ئیمـــارات لەئیمـــارەی رەئس خێمە بەرێوە دەچێت، وا بڕیـــارە مانگی ١١ ئەم پاڵەوانێتییە ئەنجام بدرێت.

بۆ ئەم مەبەستە تیپی پایسکلسواری هەولێر ئۆردوگایەکـــی مەشـــقی لە شـــاری هەولێر کردووە، لەمبارەیەوە عەبدولقـــادر نورەدین راهێنەری یانەی هەولێر گوتـــی: دوای تەواوبوونی قۆناغی دووەمی پاڵەوانێتی کوردســـتان بۆ پایسکلســـواری، کـــە یانەکەمان پلەی یەکەمی بە دەســـتهێنا راســـتەوخۆ ئۆردوگایەکـــی مەشـــقیمان لە شـــاری هەولێر کردووە بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ پاڵەوانێتـــی یانەکانی





## یەكێتی تایكواندۆی كۆریای باشوور هاوكاری تایكواندۆی هەولێر دەكات

هەفتەی رابردوو لە هۆڵی داخراوەی یانەی وەرزشی فەتاتی هەولێر هەڵبژاردەی یاریزانانی كۆكیوانی كۆریای باشوور سەردانی یاریزانانی هەڵبژاردەی هەولێریان كرد بۆ تایكواندۆ، لەم سەردانەدا بەڵێنی دروستكردنی پەیوەندی و هاوكاری كردن لە نێوان هەردوو لا درا، لە رێورەسمێكدا ئەندامانی یەكێتی تایكواندۆی كۆریای باشوور و هەڵبژاردەی ناوچەی كۆكیكوانی، دیدارێكی تایبەتیان لەگەڵ یاریزانانی هەڵبژاردەی تایكواندۆی هەولێر ئەنجامدا بە ئامادەبوونی ژمارەیەكی بەرچاوی جەماوەری وەرزشی، لەم دیداردا چەندین نمایشی جوان لە هەردوو لا پێشكەش بە ئامادەبووان كرا و ئامادەبوانیش خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی.

شایانی لە شاری هەولێر كار بۆ ئەوە دەكرێت ئەكادیمیایەكی تایبەتی بۆ یاری تایكواندۆ و راهێنان بەسەرپەرشتی راهێنەرانی كۆریای باشوور لە بكرێتەوە بە مەبەستی ئەوەی شاری هەولێر ببێتە مەڵبەندی پێگەیاندنی یاریزان و راهێنەر لەسەر ئاستی عێراق.

جێگەی باسە لە ناوچەی كۆكیوان یاری تایكواندۆ سەری هەڵدا و بە داهێنەری ئەم یارییە دادەندرێت.

## ـــداری لە پاڵەوانێتی عەرەبیدا دەكات

عەرەب بۆ پایسكلسواری، ئەم ئۆردوگایە ٢٢ رۆژ دەخایەنێت، چونكە هەوڵ دەدین لەم پاڵەوانێتییەدا ئەنجامی باش بە دەستبهێنین و نازناوێك بۆ شاری هەولێر دەستبەسەر بكەین.

جێگەی باسە یاریزانانی یانەی هەولێر پێكهاتووە لە (سلێمان سامی، ئامانج شێرزاد، جۆڤان تۆمی، عەبدوڵڵا عەبدولخەزەیەر، رێباز موزفەر، ماسیمۆ فەریق) و ئەم پاڵەوانێتییە لە ١٦-١١ لە وڵاتی ئیمارات دەست پێدەكات تا ئێستا زیاتر لە ١١ یانە بەشداری تیاییدا دەكات.



## لە گۆڕەپان و مەیدان تازەپێگەیشتووانی پێشمەرگەی هەولێر سێیەمی عێراق بوون

هەفتەی رابردوو لە شاری بەغداد پاڵەوانێتی یانەكانی عێراق بۆ گۆڕەپان و مەیدان لەسەر ئاستی كوران و كچان بۆ لاوان و تازەپێگەیشتووان ئەنجامدرا، بە بەشداریكردنی زیاتر لە ٨٤ یانە لەسەر ئاستی عێراق، یانەی پێشمەرگەی هەولێر توانی لە ئاستی تازەپێگەیشتووانی كچان پلەی سێیەم بە دەستبهێنێت.

لە ئاستی كچان بۆ تازەپێگەیشتووان ٢٤ یانە بەشداری تیاییدا كردبوو و ئەنجامەكەش بەمشێوەیە بوو.

١- یانەی كارەبا، ٢- یانەی موسەیب، ٣- یانەی پێشمەرگەی هەولێر.

لەم پاڵەوانێتییە كچە یاریزانی پێشمەرگەی هەولێر زەینەب حەسەن بە باشترین یاریزانی پاڵەوانێتییەكە دەستنیشان كرا دوای ئەوەی توانی لە یەك باز و بازی بەرز پلەی یەكەم بە دەستبهێنێت و لە راكردنی ١٠٠م بەربەست پلەی دووەمی بە دەستهێنا، یانەی پێشمەرگەی هەولێر لەم پاڵەوانێتییە بەم یاریزانانە بەشداری كرد (جوان ئیدریس، رۆژی ئیسماعیل، ناز تەحسین، شێنی عەزیز، زەینەب حەسەن، نور حەسەن).

دوای بە دەستهێنانی ئەم ئەنجامە باشە بەفەرمی یەكێتی گۆڕەپان و مەیدانی عێراق بانگهێشتی چوار یاریزانی یانەكەی كرد بۆ ریزی هەڵبژاردەی عێراق و یاریزانە بانگهێشتكراوەكان بریتین لە زەینەب حەسەن لە یارییەكانی ( بازی بەرز، یەك باز، راكردنی ١٠٠م بەربەرست) و یاریزان جوان ئیدریس لە ( هەڵدانی قورسایی ) و یاریزان رۆژین ئیسماعیل لە ( راكردنی ١٠٠م، ٢٠٠م ) و یاریزان شێنی عەزیز لە (راكردنی ٨٠٠م، ١٥٠٠م، ٢٠٠٠م بەربەست).